# یادی ٢١ ساڵەی سووتانی دڵگەش![١]

دڵـگەش.. خوشـکم دەزانـم لە یـادی بیسـت و یەکەمـین سـاڵیادی سـووتانت، بـرژان و هەڵقرچانـت، چـاوەڕوانی هـاتنی مـن و وشــە شـکاوەکانم بوویـت، ئەم وشـانەی لە وەسـفی تـۆدا لێکدەبنەوە و هەنجـن هەنجـن دەبـن، هەمێسـتا خـۆم و سیپاڵە شـرەکەم وەدیـار گـۆڕە ماندووەکەت دانیشـتووین، هێدی هێدی فرمێسـک دەڕێـژین و کێلـی مەزاری پیـرۆزت دەسـڕینەوە، فرمێسـکی چـاوان ناوەسـتن، مردووەکان و گۆڕەکان، مردوو شۆر و کێلەکان، ئەشک دەڕێژن.

بە ســیپارەی قورئــان، بیســت و یەک ســاڵە هــاوار دەکەم، بیســت و یەک هەزارجارە بانگت دەکەم، "خوشکێ، خوشکێ"، دەلاڵێمەوە و دەپاڕێمەوە، ئەوەی لەیادگەمدایە دەیهێنم و دەیبەم، چاوەڕێی وەڵامی تۆم، نازانم دەنگی مـن ناگاتە لای تۆ، یا وەڵامی تۆ ناگاتە لای مـن، بێدەنگی تۆ، دەمگرێنێ، فرمێسکی چاوانم وشک دەکا.. بۆ تۆ هەمیشە لە نۆستالۆژیادا دەژیم، بەخودا، شەش ساڵ بەیەکەوە بوون و بیست و یەک ساڵ بێ تۆیی فرە سەختە، دووری تۆ سانا نییە، ژیان بە تۆوە مانـایەکی دیکەی هەبوو، شـەش سـاڵ بەیەکەوە بـوون و هـاوڕێیەتی کەمە، خودا کەمە! خودا کەمە! ئاخەر، تۆ باڵێک بووی لە ڕۆح و جەستەم..

خوشــکێ گیــان، دەزانــی کە دەنگــی باڵنــدە کێویەکــان دەبیســتم تەزوو بە جەستەمدا دێ و دەچێ، شتێ دەڵێ: گەڕاوەتەوە. ئـاخەر، منی پەژمـوردە بێ تۆ چـۆن دەگەمە مەکـۆی شـادی و خۆشـی و دڵخۆشـی و چێژسـتان؟. ڕۆژە و ڕۆژ وەک حەزرەتی یەعقوب چاوەڕوانم لەگەڵ یەکەم ئەستێرە وەدیارکەوی، یا لەگەڵ زەردەپەڕی بەیانیاندا بگەڕێیتەوە. بێ تۆیی لەم ژینە بێ سـەوادە، جەسـتە هەژێنە، خەریکە وەک حەزرەتی ئەیوب، گۆشت لە جەستەم جیابێتەوە.. گۆشـت و ئێسـقان، دەمـار و خـوێن لەیەکـدی هەڵـبەزنەوە.. توخـدا بگەڕێـوە، بـا خـوداش نەتـۆرێ، ئاسـمانەکان نەخـزێن و گەردوون نەڕەنجـێ، بگەڕێـوە، بگەڕێـوە، ئـای لەم چاوەڕوانییە، بەدە! بێ تۆ نامۆ و غەریبم، تەنیایی واتە بێ تۆیی.

[١] ئەم وتارە لە لاپەڕە ١٥ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ٢٦٦، چوارشەممە، ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

ئەی هەناسەی مـن، ئەی فانۆسە درەوشـاوەکەی مـن، سـەفەری تەنیـایی خۆشە؟ تکایە، تکات لێ دەکەم بگەڕێوە، دەزانی من تکا لە کەس ناکەم، تەنانەت بەرەو پەتی سێدارەشم ببەن، تکا ناکەم.. تکایە بگەڕێوە و کۆتایی بەو سەفەرە دوور و درێژەت بهێنە، جوانیەکانی ژیانم پێ ببەخشە، منی نابەڵەد لە دووری تۆ، چ بکەم؟ چ دەبوو، وەک حەزرەتی ئیبراهیم لە نێو ئاگرەکەدا نەسووتابای و بە سڵامەتی بهاتایە دەرەوە. ئەی مریەمی پاکیزەی "ئایەت" ئاوابوو. دەزانی بیست و یەک ساڵە وەک ئاگری نێو ئەتەشگەی زەردەشتی و ئاگری باوەگوڕ گوڕ، دەسوتێم.

دڵگەشی نێو دڵماتی مـن، تۆ کچێ بووی لە بەژی سنۆبەر، لە ڕەگی دارهەرمێ، لە ئاوی کەوسەر، لە جوانی قەندیل. دڵگەشی نێو دڵشکاوی من، تۆ کچێ بووی لە پاکی مریەم، لە قارەمانی، مەلالە، لە بەهێزی بێنەزیر بۆتۆ، لە زیرەکی ئانا فرۆیددا، دڵگەشی خێر لە ژیان نەدیوەکەی من، بەئەندازەی ڕووباری جوان بوویت، بە ئەندازەی بەفرەی بەستەڵەک بەرز و هێندەی شاخ خۆڕاگربوویت. تۆ گەردونێکی لە گەورەیی و شاخێکی لە مەزنی.. تۆ، ئەی تۆ، شارێکی لە مرۆڤدۆستی.

خوشکێ گیان، دەبێ چ بیرەوەرییەک لە شەش ساڵی تەمەنت لە یادگەی مندا مابێ، جگە لە دوا دیداری کۆچت، ئاگر و مەنجەڵ و ئاو و گەرمی، کە بۆتنە مۆتەکەی ژیانی من، چۆن هەست بە نامۆیی نەکەم؟ بیست و یەک ساڵە، بیست و یەک هەزار جارە پڕ بە دەنگ هاوار دەکەم، "خوشکێ، خوشکێ"، لێم تۆراوی و لێم زیز بووی؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە، یا وەڵام دەدەیتەوە و نابیستم؟ بەڕاست بانگت دەکەم، یا وڕێنە دەکەم، دەخوازم جارێک، شەماڵ و بای وەشت و بای باران، یا بای وادە، تەنیا، بۆنی تۆم بۆ بهێنن، دەزانم، ئارام بەخشە، خەم ڕەوێنە، هێز و توانایە!

مەنجەڵی گەورەی دیمەن قێزەون، کوفری کرد، جەستەی پیرۆزی سوتاندیت، چۆن توانی، ئەو دڵە ڕوون و گەشە، لەناوبەرێ! ئەو پێستە سپی، ناسکە، جوانە بسوتێنێ! و داخێکی پڕ لە ئازار لەدڵی مندا بڕوێنێ.. لەوێدا، تۆی شلکە نەمام سوتایت و گڕت بەردایە مـن، چزەت لە جەرگم بەردا، ئاگر لە دڵم هەڵدەستێ، جەستەم برژاوە، دەبم بە ژیلەمۆ و سووتەک!

توخدا پێم مەڵێن: زیندووکوژی مردوو پەرست.. خوشکێ قەستەم بەخودا، هەمیشە بە زیندوویی و بە مردوویی لەیادمی، هەمیشە جوانییەکەت لەبەرچاومە، بەخودا قەستەم، خەم سەراپای گیانی گرتووم، خەریکە تینی گەرمی دەمسووتێنێ، مـن و ئـاگر بـووین بە دووژمنـی هەمیشـەیی قـین لەدڵـی یەکدیـدا تۆمـاردەکەین. دەزانی هەمیشە لە سەفەرم و بەردەوام تەنیام، دەخوازم بەیەکەوە سەفەر بکەین، دەشێ سەفەر لەگەڵ تۆ بە ئەندازەی چوونە بەهەشت بەچێژبێ.

خوشکێ گیان، بگەڕێوە، لە دووری تۆ، رووبارەکان، مانیان گرتووە، ئاوەکان لە جوڵە کەوتوون، گوڵەکان خۆیان سووتاند، کارنگی لە خەمی تۆدا، کتێبەکانی سووتاند. هاوکینگ، بە خۆی و کورسییەکەیەوە خۆی ئینتیحاڕ کرد، کینگ، خۆی کردە خواردنی ماسییەکان، بکوژانی عیسا تەوبەیان کرد و زەمەنیان گەڕاندەوە و عیسایان لە دار هێنایە خوار و برینەکەیان بۆ ساڕێژ کرد، دەخوازن دینەکەی بۆ بڵاوبکەنەوە. ئاخ، ئەگەر دەمتوانی هەموو باڵاخانەکانی جیهانم دەروخاند، هەموو وڵاتانم دەسوتاند، هەموو داهێنانەکانم، لەت و پەت دەکرد، تا تۆ دەگەڕایتەوە.

مردوویەک شک نابەن لە گۆڕ بێزار بێ و جێگەکەی لەگەڵم بگۆڕێتەوە؟ بیست و یەک ساڵە، لە دوازدەی کانوونی دووەمەوە، دڵم کەوتە خوارەوە.. هەی لەبەر خۆت و قردیلە سوورەکەی سەر سەرت بمرم، وەرە بمدەرەوە بەخۆم..

دوازدەی کانوونی دووەمی ١٩٩٨، ڕۆژمێژووی لێکنانی چاوەکانی دڵگەشی خوشکە، بیست و یەک ساڵە، لە بێ تۆیی غوربەت دەنۆشم.. دڵگەش، پیرۆزی، هەمیشە بەرزی، لەبن هەوردایت. تۆ گشت کەسوکاری زامداری برا بوویت، برای داما و کزومات، کە بیست و یەک ساڵە وەک حەزرەتی یاقوب بەدوای تۆدا دەگەڕێم.